# نامەیەکی کراوە بۆ هەورامان ئەلی

ئەحمەد دەشتی

لەم ڕۆژانە دا دوای ئەوەی کە برایانی بەڕێزی کوردستان نێت لاپەڕەیەکیان بۆ ئەو بابەتانەی کە من بۆیان دەنێرم کردۆتەوە ،لە گەل ئەو پەڕی سوپاس و ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ ئەو هەڤالانە و ئەو خزمەتە مەزنەی کە لەم ڕێگەوە دەیکەن. پڕ بە دل سوپاسیان دەکەم و هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەم کە تێبینیەکانیان نوسیوەو دەستخۆشیان کردووە .

لیرەدا بە ناوی تێبینی لەلایەن کاك (هەورامان ئەلی )ناوێکەوە کە دیارە ناوەکەی ڕاستی خۆی نبە ،چەند هێرشێکی کردۆتە سەر من لە سەر ئەو وتارو شیعرانەی کە بەناوی (ڕەنگدانەوەی خەباتی مستەفا بارزانی نەمرلە ئەدەب و کەلتور و سەر زمانی گەورەپیاوانی کوردو جیهان )دا نوسیومەو من وەك کوردێك شانازی بەوە دەکەم کە توانیومە شتێکی زۆر لەوە کەمتر بەرامبەر ئەو کەسایەتیەکی وە مستەفا بارزانی نەمر بنوسم ئەو کەسەی کە کوردی بە دونیا ناساند وخەباتگێر و شۆڕشگێرێکی ئەوەندە مەزنە کە گەورە پیاوانی جیهانی وەك قارەمانێك باسی لێوە دەکەن و ستایشی لیٚ دەکەن بەلام ئەم. ئەو هەورامان ئەلی ناوە لە سەر ئەم بابەتە زۆر موغریزانەو نەزانانە گەلیٚ قسەی ناشیرین و مندالانەو دوژمنکارانەی بۆ من نوسیوە کە جگە لە نیفاق و پیاو خەراپی و لایەنگری لە دوژمنانی کوردەوە بەولاوە چیتری پیٚ نیە ،ئەو پڕو پوچ و ناڕەوا گوتنانەدژ بە وتارێك کە لەسەر کەسایەتیەکی وەك بارزانی نەمر نوسراوە ئەمە دەنگی ئەحمەقانەی سەر بە دوژمنانی کوردو کوردستانەو بەس من بەکاك (هەورامان ئەلی )دەلێم تۆ ئەگەر بەڕاستی کوردێکی پاك و دلسۆزی و خۆت بە پیاو دەزانی ڕك و ڕاست و مەردو مەردانە ناوە ڕاستەکەی خۆت نوسیبایەو ناوی (هەورامان ئەلی )ت لە خۆ نە نابایە ،چونکە دیارە کە ئەم ناوەت بۆیە لە خۆ ناوە دەزانی ئەوەی کە دژ بە منت گوتوە جگە لە ناراستی بەولاوە شتێکی تری تیا نیە ،تۆ کە بەرامبەر وتارێك لە سەر کەسایەتیەکی وەك مستەفا بارزانی نەمر کە لە ناو دلی ملیۆنها کوردی بە شەڕەف و کەرامەت هەمیشە زیندووەو قەت نامرێتن خۆت لیٚ گۆڕاوەو وەك هەموو ئەوانەی کە بەڕاستی جگە لە خەراپەو خەراپەکاری شتێکی تریان لە دەست نایەتن بۆیەکە لە سەر ئەم وتارە دا بە بیٚ ئەوەی کە قسەکانت بجویتەوە دەری دەبڕیت و شلم کۆرە ناپاریزم قسەی پڕو پوچ دەکەیت ڕێز لە خۆتەوە ناگریت و بوختانان دەکەیت، بیٚ ئەوەی کە خۆت هیچ شتێکت لە بار دابیٚ و ڕۆژێ لە ڕۆژان خزمەتێکت بە کوردو کوردستان کردبێتن، دیارەکە هەمیشە بە پێچەوانەی کوردایەتی ڕەفتارت کردووەو بە فیتی ناحەزانی کوردەوە دەهۆل لیٚ دەدەی و هێرشی ناڕەوایانە دەکەیە سەرمان و دژ بە بیرو بۆچونەکانی گەورە پیاوان وهۆزانوانان و کەسایەتیە کوردەکان و جیهانیان ئەوانەی کە بە شانازیوە باسی سەروەری کورد مستەفا بارزانیان لە کتێبەکانیان بۆ مێژوو نوسوەتەوە دەکەیت، من پیٚم وایە گەورەترین مرۆڤ ئەو کەسەیە پێش هەموو شتێك لە ڕێگەی گەل و نیشتمانی خۆی دا خەباتی کردبێتن و سودی بۆ گەل و نیشتمانی خۆیەوە هەبێت و گیانی خۆی بکاتە قوربانی بۆ نیشتمانی خۆی، هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگەی نیشتمانی خۆیان دا لە هەر بوارێکەوە بوو بێتن وخەبات و خزمەتیان کردبێتن یان خزمەت دەکەن ئەوانە هەرگیز نامرن وبە تایبەتی بارزانی نەمر ئەوەندە مەزنە کە بە قسەی هەزارانی وەك تۆی (هەورامان ئەلی )لە گەورەیی کەم نابێتەوە ،من بەم کابرایە دەلێم زۆر شەرمە کە بە خۆت دەلێی کوردو لاسایی لە دوژمنانی کورد دەکەیتەوە بەو شێوەیە هێرش دەکەیتە سەر منێکی کە زۆر بە شانازیوە مستەفا بارزانیم لە هەموو شتیٚ لا پیرۆز ترەو بە مرۆیەکی ئەوەندە مەزنی دەزانم کە پیٚم وایە کەسانی وەك تۆ کە تەنیا بە دۆلی دوژمنانی کوردو کوردستان لیٚ دەدەن، ئەوە بلێم کە ئەوانەی بە ئاسمان دەوەڕن لە ڕاست لۆمەی ویژدان کەڕن، پیٚم وایە هەر کوردێك کە وەفای بۆ گەورەپیاوانی کوردو کوردستان نەبێتن و شانازی بە مرۆیە مەزنەکانی گەلی خۆی نەکاتن وەك بکوژانی نەمر شەهید فەرەنسۆ هەریرین چونکە باس ئەویشت کردووە ، ئەوانەی کە وەك تۆن قەت کورد نیەو دیاریشە کە کورد نەبێتن سەر بە کێیە جا بۆیەکە بە جەنابتان دەلێم باش بە خۆت دابڕۆوەو ئەو شتانەی تۆ نوسیوتە تەنیا بە سودی داگیرکەرانەو پڕوپوچیەوخزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان دەکەن، من خزمەت بە ڕێبازی مستەفا بارزانی نەمر دەکەم وزۆریش شانازی پێوە دەکەم بەلام تۆ خزمەت بە دوژمانی کوردو کوردستان دەکەیت، من وەك تۆ ترسنۆك

نیم من ناوم ئەحمەد دەشتیە خۆشم لە پەناوە ناشارمەوە هەرچی بنوسم بە ناوی خۆمەوە دەنوسم و باوەڕم پێیەتی، بە ناوی درۆ پەیڤی درۆش هەل نابەستم ئەوەی کە دەینوسم و دەیلێم دژ بە دوژمنانی کوردو کوردستانەو دژ بە نۆکەرانی کوردم، دەتۆش وەرە ئەوەی لە دلت دایە فەرموو بە ناوە ڕاستەکەی خۆت دژ بە بۆچونەکانی کە پێت وانیەبنوسەو لە سەر ئەم لاپەڕەیە بلاوی بکەوە ،نەك ئاوا لە پەناوە پەلاران باوێتە مالی خەلك، چاك بزانەئەو مالەی تۆ هەتە لە شوشەیە و زوو دەڕمێن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت